# نهێنی سازی، نهێنی دۆزی

حەمەکەریم عارف
(سلێمانی)

(١)

زمانـی هونـەر، ئەگـەر هەمـان زمانـی مۆسـیقاش نەبـێ، ئـەوە زۆر لـە زمانـی موزیکـەوە نزیکـە، ئـەوەی بـە زمانـی هونـەر دەوتـرێ، یـان دروسـتتر بڵێیـن نیشـان دەدرێ، بـە هیـچ زمـان و کایەیەکـی دیکـەی ڕۆشـنبیری ناوتـرێ و نیشـان نادرێـت. زمانـی هونـەر زۆر ئەفسووناوی و باڵکێشـە، بۆیـە پەنـای بـۆ دەبرێـت. گەلێـک لـە فەیلەسـووفان و پسـپۆڕان پێیـان وایـە کـە هونـەر کلیلـی کردنەوەی ڕاز و نهێنییەکانـی بـوون و گەردوونـە، لـە کاتێکدا فەلسـەفە لـەم ڕووەوە دەستەوەسـتانە.

هونـەر جـۆرە دانپێدانانێکـی خودیـی بـێ ڕیایـە؛ جوانتریـن دانپێدانـان ئەوەیـە بـۆ خۆتـی دەکەیـت. هونــەر هێنــدەی پرســیارە، وەڵام نییــە، پێویســتە لـە هونـەردا بـۆ حەقیقـەت بگەڕێـی، یـان حەقیقـەت بخوڵقێنــی نــەک بەپێچەوانــەوە؛ هونــەر ئەفراندنــی جـۆرە ئیسـتێتیکایەکە پتـر لـە مومارەسـە و پراکتیـزەی جـۆرە سـرووت و نوێژێکـی عیرفانـی دەچێت، بـەم پێیـە هونـەر دەکاتە کۆدی کردنەوەی دەرگای نهێنییـەکان.

نیتشـە گوتەنـی جیهـان و واقیـع؛ حەقیقـەت جگـە لـە زنجیـرە ڕاڤـە و تەئویلێکـی دوا بـە دوای یـەک هیچـی دیکـە نییـە. هونـەر، ژیـان مومکیـن دەکات، شایسـتەی ژیـان دەکات ... ئەگـەر هونـەر لـە ژیـان دەربێنـی، بۆشـاییەکی سـامناکی تـێ

دەکەوێ. هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە فەلسەفەی هونەر، زانستێکی ئیسپاتی نییە، بەڵکوو هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییە سەبارەت بە هونەر و هەوێن و ئامیانی هونەر، جوانی و ئیستێتیکایە، دیارە هونەریش بە هەموو کایە جۆراوجۆرەکانییەوە وەکوو هەر دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی دیکە لە حەقیقەتی گۆڕانکاری و تازەبوونەوە بەدەر نییە و نابێت، هەر سەردەمێک هونەری خۆی وەکوو وەڵامگۆی پێداویستییە دەروونی و مەعنەوییەکانی بەشەر بەرهەم دێنێت، بەڵام وەکوو پێویست تینوێتی ناشکێنێ، چونکە پێداویستییە دەروونی و مەعنەوییەکانی بەشەر لە گۆڕانی بەردەوامدایە و لە کۆتایی نایەت، بۆیە تا بەشەرێک مابێ، هونەر هەر دەمێنێ و تەسەوری ژیان بەبێ هونەر، وێنا و تەسەورێکی ترسناکە، هیچ نابێ بەزێدەڕۆیی ئەگەر بڵێین هونەر بە شێوەیەکی گشتی ڕەواندنەوەی ئەو وێنا ترسناکەیە، تەنانەت بە بۆچوونی فۆرمالیستەکان کاتێ دەست پێ دەکات کە لە دنیای ئاشنا و ئاسایی، لەو دنیایەی کە پێی ڕاهاتووین، دوورمان بخاتەوە و بمانخاتە دنیایەکی نەناسراوەوە، بێگانە و تازەوە.

بۆ نموونە لە ژیانی ڕۆژانەی هەر شارێکدا چەندان جۆر دیاردەی سەیر و باڵکێش هەن، بەڵام بۆ خەڵکی شارەکە نا کە پێی ڕاهاتووە و بۆی بووە بە شتێکی ڕۆتینی، ئەوە بۆ بێگانەیەکە کە یەکەم جار ڕێی دەکەوێتە ئەو شارەوە و هەموو دیاردەکانی بەلاوە تازەیە ! هونەر هەڵاتنە لە زمانی باو و هەوڵی گەیشتنە بە لەزەتی ناباوی، هەڵبەتە لە هونەردا، بە تایبەتی لە هونەری مۆدێرندا، شتێک هەیە پێی دەگوترێ گۆنگی فیلیڤانی (ابداعي)، کە ئەمە جۆرە ئەفسوونێکی ئیستێتیکی بەکارە هونەرییەکە دەدات و زۆر بە زەقی لە یولیسیسی جێمز جۆیس و وێرانە خاکی (ئیلیەت)دا بەدی دەکرێت، بەڵام مەرج نییە هەر کارێکی هونەریی مودێرن بەو ئاوایە گۆنگ و سەختفام بێت، کافکا مودێرنە و بەو ڕادەیەش سەختفام نییە. ئینسان بە تەبیعەت بوونەوەرێکی فزووڵ و کونجکاوە، عەوداڵی زانینە، دەیەوێ هەموو شتێک بزانێت، هەربۆیەش دەکرێ بگوترێ پرساترین بوونەوەرە، ئەم بوونەوەرە پرسایە هێندەی لە بێ وەڵامی دەترسێت ئەوەندە لە هیچ شتێکی دی ناترسێت، بۆیە هونەرمەند پێویستی بەجۆرە پێوەندییەک هەیە کە لە ڕێگەی پەیامەوە مەیسەر دەبێت، دیارە هەر پەیامێکی هونەری فیلیڤانی، جۆرە گۆنگییەکی ئیستێتیکی خۆی هەیە کە دەق لە سەراحەتگۆیی دەپارێزێ. زۆرێک لە نەوتراوە هونەری و ئیستێتیکییەکان بۆ خوێنەر بەجێ دێڵێت، بەمەش جۆرە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان نێنەر و وەرگردا چێ دەبێت.

ترسی بێ وەڵامییەکە تا ڕادەیەک دەڕەوێتەوە، واتە هونەر جۆرە ئارامییەکی ڕوحی و دەروونی دەبەخشێت، بۆیە لەم ڕووەوە ئۆل و عیرفان دوو هەڤرکی سەرسەختی هونەرن.

***

سوقرات لای وایە هەموو شتێک دەشێت جوان بێ، بەڵام خودی جوانی نییە. بەڕای ئەفلاتوون، هونەر لاسایی کردنەوەی واقیعە، بەڵام واقیع بۆخۆی تەجەللی بیرە (ئایدیا)، بەم پێیە هونەر لاسایی کردنەوەی لاسایی کردنەوەیە، واتە دووجاران لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەرستۆ لای وایە هونەر ڕوح دەپاڵێوێت و لە خراپە پاکی دەکاتەوە، بە زمانی باوی هزرڤانان و عارفانی ئەم سەردەمە،

زەمینـە بـۆ پاکبوونەوەی دەروون خـۆش دەکات... تـاد، بـەڵام سـەبارەت بـە لاسـایی کردنـەوەی هونـەری، مـەرج نییـە لاساییکردنەوەی شـتێکی واقیعـی بێـت، بەڵکـوو ئەمـە پەیوەسـتە بـەو مامەڵـە زهنییـەوە کـە دەگـەڵ واقیعـدا دەکرێـت، هونەرمەنـد واقیـع وەکـوو خـۆی، وەکـوو چـۆن هەیـە، مـوو بـە مـوو کۆپـی ناکاتـەوە، بەڵکـوو لـە خەمـی خوڵقاندنـی واقیعـی مومکیـن دایـە، واتـە خوێندنەوەیەکـی هونەریـی تـازە بـۆ واقیـع بـە ئاراسـتەی واقیعـی مومکیـن و دڵخوازی خـۆی دەکات، هونـەر لـە بەرجەسـتەبووندا، مانـا و فـرە مانایـی پەیـدا دەکات.

لێرەدا مەبەسـت لـە واقیعیـەت ئەوەیـە کـە کارە هونەرییەکـە بـە گوێـرەی واقیعیەتـی دەقەکـە، واقیعـی و قەناعـەت بەخـش و بـاوەڕ کردەنـی بێـت، نـەک بەگوێـرەی واقیعیەتـی ئـەو واقیعـەی کـە لـە قاوغـی دەقـە هونەرییەکـەدا هەیـە. هونـەر ڕەگـی لـە خـەون و خەیاڵاندایـە، پێوەندییەکـی ئەوتـۆی بـە بەهـا زەمینییەکانـەوە نییـە، بەڵکـوو سەردەکێشـێت بـۆ بەهـا پیـرۆزەکان، هونـەر ئـەو درۆیەیـە کـە هەمیشـە حەقیقـەت دەڵێـت، بـۆ نموونـە ئەگـەر بویسـترێ وێنـەی فریشـتەیەک بکێشـرێت، کـە فریشـتە هیـچ بوونێکـی مەتریالـی و واقیعـی نییـە، بەڵکـوو هونەرمەندەکـە لـەو بارەیـەوە بیرۆکەیەکـی ئیسـتێتیکی لـە زەیـن و خەیاڵـی خۆیـدا هەیـە، دیـارە لـە هونـەردا ئـەو بیرۆکـە ڕازئامێـزە، لـە واقیعـی دنیـای دەرەوەی کارە هونەرییەکـە زۆر گرینگتـرە، ئەرسـتۆ گوتەنـی مەحاڵێکـی باوەڕکردەنـی، قەناعەتبەخـش، زۆر باشـترە لـە مومکینێکـی باوەڕ نەکردەنی، ئەوجا کـە هونـەر لـە واقیـع باڵاتـرە، پێویسـتی بـە لاساییکردنەوەی مووبەمووی تەبیعـەت و جیهانـی واقیعـی نییـە.

هونـەر جیهانێکـی تـازە دەخوڵقێنـێ کە پێویسـتی بـەوە نییـە تەبیعـەت و جیهانـی دەرەوە مـوو بەمـوو کۆپـی بکاتـەوە. کانـت لای وایـە جوانـی شـتێکە هـەم سروشـتی و هـەم ئینسـانی، بـەڵام هونـەر دیاردەیەکـی ئینسـانییە، هونەرمەنـد، واقیعیەتـی مـاددی بـە وێنـا و ئایدیـا دەبەخشـێت، جـوان ئەوەیـە لەزەتێـک بخوڵقێنـێ بـەدەر لـە هـەر قازانـج و پراگماتیکییەتێـک، کەواتـە جوانـی خـۆی ئامانجـی خۆیەتـی، لـە خزمەتـی هیـچ ئامانجێکـی تـردا نییـە.

بـە هەرحـاڵ تـا ئێسـتا وەڵامێکـی گشـتگیر و بنجبـڕ سـەبارەت بـە جوانـی لـە ئـارادا نییـە، بـەڵام لـە دید و تۆڕینی فەلسـەفییەوە گەنگەشـەی زۆری لەبـارەوە کـراوە، جوانـی هونـەری لەبـەر ئـەوەی زادە و بەرەنجامـی هێـزی ئافەرێنـەری زەینـی ئینسانە لـە جوانـی سروشـتی باڵاتـرە کـە دەوری ئینسانی تێدا نییـە، کاری هونەریـی جـۆرە گۆنگییەکـی فیلیڤانـی تێدایـە و بەئاسـانی نایەتـە فامکرن، چونکـە دەق دالـە، دالێکـی فـرە مانایـە، دۆزینـەوەی مەدلوولەکـەی لـە ئەسـتۆی وەرگردایە، دەربڕینـی هونەریـی، دەربڕینێکـی گۆنگـە، دەبـێ لـە نەگوتراوەکانیـدا بـۆ ماناکانـی بگەڕێـی، کەواتـە هیـگڵ گوتەنـی لـە هونـەردا داهێنـان مەرجـە، نەک دەربڕیـن و دووبارەکردنـەوەی شـتێک کـە پێشـتر هەبـووە و هەیـە، بۆیـە ناڕوونـی و گۆنگـی فیلیڤانی بـۆ هونـەر مەرجـی بنەڕەتییـە، هونـەر شـێوەیەکی هـەرە تایبەتـی بیرکردنەوەیـە، واتـە هونـەر لـە بیـر بـەدەر نییـە، بـەڵام بیرکردنەوەیەکـی هونەریـی کـە هێوەتـر لـە بیرکردنـەوەی بـاو و ئاسـایی دەڕوات، بـەم پێیـە هونـەر هێنـدەی موکاشـەفەیە، دەربڕیـن نییـە، تەنانـەت دەقێکـی ڕیالیسـتیش لـە سـنووری دەربڕیـن و گوزارشـتەوانی هێوەتـر دەڕوات، بـە کورتـی و بەکوردی هونـەر، نهێنـی سـازی و نهێنی دۆزییـە، واتـە دەکـرێ هونـەر بـە ئـاوی مەنـد بێتـە

شوبهاندن، نەک بە ئاوی خوڕ.

هەڵبەتە فەیلەسووفانی دوای هیگڵ، ئیرادی ئەوە دەگرن کە هەر زمانی هونەر گۆنگ ئامێز نییە و لە ڕاڤەکاری و تەئویلدا فرەمانایی پەیدا دەکات، بەڵکوو جۆرە گۆنگییەک لە زانستێن سروشتی و فیزیکیشدا هەیە، بەڵام زانست لە خەمی ئەوەدایە بگاتە حاڵەتی تاک مانایی و لە ئەنجامدا خۆی لە گوزارشت و دەربڕیندا دەبینێتەوە، بەڵام هونەر هەرگیز ئەو نیاز و مەبەستەی نییە.

(٢)

کە باسی گۆنگی فیلیڤانی دەکەین، ئەمە زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هونەرمەند سەروکاری دەگەڵ زمانی سەنبۆلیکدایە، پتر لە ئوستوورەوە نزیکە تا لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و لۆژیکی، ئوستوورە مەرجی سەرەکی و بەردی بناغەی هونەرە، کە زۆر لە هزرڤانان و فەیلەسووفان، موزیک و شیعر بە باڵاتر لە هونەرەکانی دی دەزانن، چونکە لە دنیای ئایدیالی و ئوستوورەییەوە نزیکترن، هونەر جۆرە خولیا و کەڵکەڵەیەکی نەمرییە، بۆیە هونەری گەورەی فیلیڤانی (ابداعي)، بێ زەمانە، میتازەمانە، سنووری سەردەمی خۆی دەبەزێنێ، بۆ سەردەمانی دواتر دەپەڕێتەوە، واتە حیسابی گەورە بۆ خوێنەرێن گریمانەییش دەکات، چونکە هونەری گەورە، هەر لە چوارچێوەی زەمانی خۆیدا قەتیس نامێنێت، بەڵکوو لە ڕۆژگاری ئاییندەدا تازە دەبێتەوە و پێگەیەکی میتازەمانی پەیدا دەکات، بەم پێیە واقیعیەت ئەمەیە کە بەرهەمی هونەری، بایەخێکی هێوەتر لە پێگە و ژینگەی زەمانی/ مەکانی پەیدابوونی خۆی پەیدا بکات.

بە هەرحاڵ خوێنەر، یان وەرگر، لە هەموو سەردەمێکدا، ئەرکی یەکەمی نیشاندان و دۆزینەوەی نهێنی و نەوتراوەکانی دەقە، واتە خوێنەر، وەکوو دەروونناسێک بە یارمەتی نیشانە و دالەکان دەتوانێ پەردە لە سەر دیوە پەنهانەکانی دەق هەڵبداتەوە و ئەودیوی دەق کەشف بکات، دەق ئەو بوونەوەرە نییە کە لەبەرچاوە، بەڵکوو ئەو بوونەوەرەیە کە لە خۆیدا پەنهانی کردووە.

ئینسان عەوداڵی ئینسانیەتی خۆیەتی، ئینسانیەتی خۆی زیاتر لە بەرهەمێن هونەریدا دەدۆزێتەوە. هونەر، جۆرە هەوڵێکە بۆ نەمری، نەمری دەکاتە بێ زەمانی، میتازەمانی، واتە ڕەگی هونەر لە نەمریدایە، هەر بەرهەمێکی فیلیڤانی هونەری بگری، (بالقوة) نەمرە، هەڵبەتە تەنیا بەرهەمێک کە لە هەر ڕۆژگارێکدا، بەجۆرێکی نوێ بێتە فامین و ناسین، بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە، واتە تەنیا ئەو بەرهەمەی کە لە زەمانی خۆی هێوەتر بڕوات و لەگەڵ زەمان و دەورانێکی دیکەدا پێوەندی پەیدا بکات؛ بە زندوویەتی دەمێنێتەوە.

هەڵبەتە نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە ئەفسوونی دەقی هونەری لە تەکنیکدایە و ئامانجی گەورەی هونەربوونە کە ڕەنگە بڵێین جوانی و هونەربوونەکەی تەواوکەری یەکدین، زۆر لە حەقیقەت دوور نەکەوتبینەوە.

هەر کار و کردەوەیەکی مرۆڤ، یان هەر گیانلەبەرێکی دی، بمانەوێ و نەمانەوێ، جۆرە دەربڕینێکی هەستی تێدایە، واتە حاڵەتی دەروونی بکەرەکە نیشان دەدات، ئەوەی لە هونەردا گرینگە دەربڕینی هەستەکە نییە، بەڵکوو خودی بەرهەمە هونەرییەکەیە کە فۆرمێکی سەنبۆلیک و ڕەمزی وەردەگرێت و لە هەر فۆرمێکی دیکەی جیادەکاتەوە، گرینگ ئەو هەستە نییە کە هونەرمەند دەری دەبڕێت، بەڵکوو گرینگ دۆزینەوەی ئەو دەلالەتە ڕەمزییانەیە کە لە دەقدا پەنهانە، تەنانەت زمانیش کە دێتە ناو بەرهەمێکی ئەدەبی/ هونەرییەوە، دەگۆڕێ و شەقڵێکی ڕەمزی وەردەگرێت، خوێنەر

دەبێ مانای ڕەمزەکان هەڵبێنێ، ئەوجا زمان لە دەقی هونەریدا نەک هەر فۆرمە ڕەمزییەکان دەگوازێتەوە، بەڵکوو دەیئافرێنێ، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کە چۆنیەتی بەکارهێنان، مانا بە زمان دەبەخشێت، واتە هونەر وەکوو هەر ژانرێک و فۆرمێکی سەنبۆلیک لاسایی کردنەوە، یان خوڵقاندنەوەی واقیع نییە، بەڵکوو شێوەیەکە لە شێوەکانی کەشفی واقیع و حەقیقەت.

بە هەرحاڵ، هونەر چەمکێکی کراوەیە و لە قاڵبی یەک پێناسەدا جێی نابێتەوە، هەمیشە فۆرمی تازەی هونەر دێتە ئاراوە، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ پێناسەیەکی گشتگیر و بنجبڕی هونەر، بێهوودەیە، وشەی زمان، بەهیچ جۆرێ، یەک مانای تایبەتیان نییە، بەڵکوو لەناو گەمە زمانەوانییە جیاوازەکاندا، لە چۆنیەتی بەکارهێناندا مانای تازە پەیدا دەکەن، بۆیە لێرەدا، واتە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندا، ئیستێتیکا و جوانی بەرجەستە دەبێت و ڕەمزییەت پەیدا دەبێت، هەموو شتێک ئاشکرا دەبێ، بەڵام هیچ شتێک دەرنابڕێت، لەم حاڵەدا دەقی هونەریی/ئەدەبی دەکاتە نیشاندان نەک وتن: واتە هونەر بوون و ئەدەب بوون ڕەواج و برەو پەیدا دەکەن، ڕەخنەگرانی نیوەی سەدەی بیستەم تەکەزیان لەسەر زەرووڕەتی هەڵسەنگاندنی خودی بەرهەم و دەقە هونەرییەکە کردووە ؛ کە ئەمە دەکاتە دوورکەوتنەوە لە شیکردنەوەی مێژوویی، جڤاکی و دەروونزانی، پاشان بوو بە بابەتی سەرەکی فۆرمالیستەکان و فۆکەسیان خستە سەر «خودی بەرهەمە هونەرییەکە». مەبەست لە خودی بەرهەم، ئەو فۆرمەیە کە کۆمەڵێک ڕەگەزی لە خۆدا کۆ کردووەتەوە کە پێیان دەگوترێ نیشانە، نیشانەش دەکاتە پێوەندی نێوان دال و مەدلوول، دال بوون و فۆرمی ماددی و واقیعی خۆی هەیە، مەدلوول وێنایەکی زیهنییە کە لە بیر و خەیاڵدا پەیدا دەبێ.

بۆ نموونە لە ترافیکدا چرای کەسک دالە، واتە نیشانەیە، ئەو مانایەی کە لە بیر و زەینی مەدا دروست دەبێت کە بریتییە لە تێپەڕبوون، مەدلوولە. تێگەیشتن لە پێوەندی نێوان دال و مەدلوول پێی دەگوترێ نیشانەناسی، ئەرکی نیشانەناسان دەکاتە کەشفی مانای نیشانە و دالەکان، ئیدی فۆرم پێوەندی نێوان ڕەگەز و پاژەکان نیشان دەدات، ئەم پێوەندییە لە بەرهەم و دەقێکی هونەریدا، زادە و بەرەنجامی ئەو تەکنیک و شێوازانەیە کە ئاگایانە و زۆرجار نائاگایانە و لە سەرووی نیازی نووسەرەوە لە دەقەکەدا بەکار هاتووە، واتا لە هونەردا بابەت گرینگ نییە، بەڵکوو چۆنیەتی هونەراندنی بابەت گرینگە، واتە لە هونەردا ناکرێ چاوپۆشی لە فۆرمی جوانی و ئیستێتیکا بکرێ، بۆ نموونە ناکرێ مانای شیعریی غەزەلێکی نالی، بە پەخشان بنووسینەوە، چونکە ئەو مانا شیعرییە، تەنیا لەو فۆرمەدا دێتە نیشاندان و دەربڕین.

بە دید و بۆچوونی فۆرمالیستەکان، خوێنەر لە جیاتی ئەوەی لە خەمی دۆزینەوەی چەمک و نێوەڕۆکی دەقدا بێ، دەبێ زیاتر لە خەمی کەشف و دۆزینەوەی تەکنیکدا بێ، چونکە سیحری هونەر لە تەکنیکدایە، هونەر دەکاتە تەکنیک، دیارە زمان لە هونەردا، بەتایبەتی لە ئەدەبیاتدا، ڕەگەزێکی هەرە گرینگ و سەرەکییە، زمان لە نیشانان پێکهاتووە، موجەفیرەیەکی ڕەمزییە، هەر نیشانەیەکیش بەجۆرە تەئویل و ڕاڤەکارییەک بارگاوییە. زمانیش لە بەکارهێنان و بەدەم بەکارهێنانەوە مانای تازە پەیدا دەکات، واتە نیشانە خۆبەخۆ تەئویل بەرهەم دێنێت، بۆیە ئەگەر وشە و ژمارەی وشە سنووردار بێ،

ئەوە مانا و میتافۆر، نە کۆتایی دێت و نە سنوور دەناسێت.

ئێمە لە مەیدانی هونەردا سەروکارمان لەگەڵ تەئویلدایە، نەک لەگەڵ سەلماندنی زانستییانەی دیاردەکان؛ مەحاڵێکی باوەڕکردەنی باشترە لە مومکینێکی ناباوەڕکردەنی، بەم پێودانگە هیچ دەقێکی فیلیڤانی و کراوە بەمانایەکی بنجبڕ کۆتایی نایەت ؛ واتە مانا بە تەواوەتی نادۆزرێتەوە، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر، زادەی تەئویل، شرۆڤە و گوزارشتی ئێمەمانانە.

ئەفلاتوون، دەق بە منداڵێکی سێوی دەشوبهێنێ کە بابی ناتوانێ یارمەتی بدات، چونکە نەماوە، دروستە دەق بابی نییە، دەق کە لەدایک دەبێت، بابی خۆی دەکوژێت، دەق بەدەم ڕاڤە و تەئویلی بەردەوامەوە تازە دەبێتەوە، تازەبوونەوەی دەق و زەینی ڕاڤەکار ڕەگیان لە فرەمانابییدایە، کەواتە هونەر وەکوو بوونەوەرێکی زیندوو، لە زەینی هونەرمەندا گەشە دەکات و دەخەمڵێت، دوای ئەوەی لەدایک دەبێت لە داهێنەرەکەی جیادەبێتەوە، بە دەم خوێندنەوەی جیاوازەوە فرەمانایی پەیدا دەکات. دەقی هونەریی بە خوێنەرەوە زیندووە، دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا لە دایک دەبێتەوە، زیندوو دەبێتەوە، بۆیە هەرگیز دووجار گوێ لە یەک پارچە موزیک ناگیرێ، هەرگیز گوێ گرتنی دووەم ناکاتە گوێگرتنی یەکەم و هی سێیەم ناکاتە هی دووەم، یان دووجار تەمەشای یەک تابلۆ ناکەین. دەق لەگەڵ هەر بیستنێکدا، دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا لەدایک دەبێتەوە، بەشێوە و ناوەڕۆکێکی تازە زیندوو دەبێتەوە.

هونەر جۆرە ئارامییەکی ڕوحی بە وەرگر دەبەخشێت، بۆیە لەم ڕووەوە ئۆل و عیرفان دوو هەڤرکی سەرسەختی هونەرن ؛ لە دنیادا هیچ شتێک لە شتێکی دی ناچێت، ئەم ساتەی نها، نە ساتەکەی پاش خۆیەتی نە ساتەکەی پێش خۆی، بۆیە دەق وەکوو یەکەیەکی یەکگرتووی هونەری، (بالقوة) ڕەمز و ڕازئامێزە، کە ڕەمز و نیشانە دەلالەت لە مانایەکی زیاتر لە مانا دیار و ڕواڵەتییەکەی خۆی دەکات، ئەمە ڕاڤە و تەئویلی جیاواز بەرهەم دێنێت، ڕاز و ڕەمز و نیاز و مەبەستی بەرهەمی هونەری لە ڕێگەی خودی بەرهەمەکەوە دێتە زانین، نەک لە ڕێگەی داهێنەری بەرهەمەکەوە.

یۆنگ پێوەندی نێوان هونەرمەند و بەرهەمەکەی، بەپێوەندی نێوان دایک و فەرزەند دەشوبهێنێ، فەرزەند لەو دەمەوە کە لە دایک دەبێت، ژیانی تایبەت و سەربەخۆی، خۆی پەیدا دەکات و بە دەم ژیانەوە پێوەندی تایبەتی بە جیهان و بە خەڵکانی ترەوە پەیدا دەکات، لە دوا ئەنجامدا نە دایکەکە دەکاتە فەرزەندەکە و نە فەرزەندەکە دەکاتە دایکەکە، هەریەکەیان کەسایەتی تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەیە، بەرهەمی هونەریش بەو ئاوایە لە داهێنەرەکەی جیا دەبێتەوە و ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر و مومارەسەی ژیانی خۆی دەکات.

(٣)

دەقی هونەری/ ئەدەبی گوتارە، هەرکە لە دایک بوو، ئیدی لە وەرگر و خوێنەر دەگەڕێت، بە خوێنەر و لە خوێنەردا واقیعیەتی ئیستێتیکی پەیدا دەکات. گوتار ئاراستەی بۆشایی ناکرێ، بەڵکو ئاراستەی بەردەنگ- موخاتەب دەکرێت، بۆیە خوێنەری جیددی دەبێ بە شەریکی کاری نووسەر و هەمان کاری نووسەر تەواو دەکات.

هەڵبەتە پێوەندی خوێنەر بە دەقەوەیە نەک بە نووسەرەوە، واتە بەرهەم کە لەدایک دەبێت، داهێنەرەکەی دەچێتە خانەی مردووانەوە و ئەوەی

دەمێنێتــەوە دەق و خوێنــەرە. خوێندنــەوەش پشــت بــە ڕاڤــە، تەئویــل دەكاتــە كەشــفی مانــا، تەنانــەت داهێنانــی مانــای تــازە. دەق لــە قۆناغــە مێژووییــە جیاوازەكانــدا، ڕاڤــە و خوێندنــەوەی جیــاواز و تــازەی بــۆ دەكرێــت، بۆیــە دەگوتــرێ دەق لــە خوێندنــەوەدا تــازە دەبێتــەوە و واقیعیەتــی ئیســتێتیكی پەیــدا دەكات.

هەڵبەتــە زمــان پــردی پێوەنــدی نێــوان دەق و خوێنــەرە، زمانــی هونــەری، یــان ئەدەبــی، زمانــی داهێنانــە، بــەدەم بەدەقبوونــی دەقــەوە و بەگوێــرەی زەروورەتــە دەقایەتییەكانــی دەقەكــەوە، لــە نــاوەوە گەڵاڵــە دەبێــت و دێتــە داهێنــان، هەرگیــز لــە دەرێــی دەقــەوە بەســەر دەقــدا نایەتــە ســەپاندن ؛ ئەگــەر ئەمــە بكرێــت، ئــەوە دەقەكــە لــە تــاك ماناییــدا زینــدە بەچــاڵ دەكــرێ، لــە كاتێكــدا دەق بــەدەم ڕاڤــە و تەئویلــی بەردەوامــەوە تــازە دەبێتــەوە، تازەبوونــەوەی دەق و زەینــی ڕاڤــەكار ڕەگیــان لــە فرەماناییدایــە، ئیــدی هیرمۆنەتیــك و تەئویــل ســەروكاری لەگــەڵ دەلالەتــە تایبەتــی و پەنهــان و ســەنبۆلیكەكانی زمانــدا هەیــە، هەمیشــە عەوداڵــی زانیــن و كەشــفكردنی جیهانەكــەی ئەودیــوی زمانــە، بــەم پێودانگــە دەكــرێ بگوتــرێ دەق مــردووە، وەرگر زنــدووی دەكاتــەوە.

زیندوویێتــی دەق بــە خوێنەرەوەیــە، هەڵبەتــە خوێندنــەوە و تەئویــل، تەنیا مانا گریمانەییەكانــی دەق نیشــان دەدات ؛ هــەر دەقێــك بــە تایبەتــی دەقــی ئەدەبــی، دنیایــەك بــە ڕووی خوێنــەردا دەكاتــەوە، خوێنــەر ئیمكانــات و ئەگەرەكانــی ئــەم دنیایــە كەشــف دەكات. هــەر دەقێــك كۆمەڵێــك ئیمكانــات و ئەگــەری مانایــی فەراهــەم دەكات ؛ لەســەر خوێنــەر و وەرگــرە بیدۆزێتــەوە.

هەنــدێ بۆچــوون هــەن كــە گوایــە وتــن لــە نووســین پەســندترە، چونكــە لــە وتنــدا، لــە گفتوگــۆی ڕووبــەڕوودا، ئەگــەری گەیشــتن بەنیــاز و مەبەســتی ڕاســتەقینەی گوتیــار، زۆر لــە نووســین زیاتــرە، چونكــە لــە نووســیندا هەمیشــە لایــەك لــە لایەنەكانــی پێوەنــدی (نووســەر- پەیــام — خوێنــەر) غایبــە ؛ لــە كاتــی نووســیندا خوێنــەر غایبــە و لــە كاتــی خوێندنــەوەدا نووســەر غایبــە. لــە وتنــدا، هــەردوو لایەنــی پێوەندییەكــە ئامادەن و مانــا زووتــر دەگات، بــەڵام لەلایەكــی دیكــەوە ئەو ڕاســتییەش هەیــە كــە دال، نیشــانە هەمیشــە ڕاڤــە و تەئویلــی لــێ دەكەوێتــەوە نــەك مانــا. مانــای هــەر نیشــانەیەك، بەخــۆی نیشــانەیەكی تازەیــە كــە ماناكــەی دەبــێ بەنیشــانەیەكی دیكــە، ئیــدی ئــەم گەمەیــە هەتاهەتایــە بــەردەوام دەبێــت ؛ هــەر دەقێــك، دەقێكــی دی لــێ دەبێتــەوە.

دەق بەرەنجامی فرەماناییــە، دەق وەكوو زەوییەكــە نیشــانەی تێــدا دادەچێنــرێ. لــە جیاتــی دەلالەتــی تــاك مانایــی، دەلالەتــی فرەمانایــی بەرهــەم دێنێــت. زۆربــەی دەقــی كــوردی داخــراون، یەك بار مەســرەفن، لــە یــەك خوێندنــەوە پتــر هەڵناگــرن، دوای یەكــەم خوێندنــەوە ئەفســوونیان بەتــاڵ دەبێتــەوە و لــە تــاك ماناییــدا مــردار بوونەتــەوە.

بــە هەرحــاڵ وەكــوو چــۆن نووســین، بەتایبەتــی نووســینی فیلیڤانــی پرۆســەیەكی كەشــفكارییە، خوێندنــەوەش پرۆســەیەكی كەشــفكارییە لــە ڕێگــەی هەڵســەنگاندنی بەرهەمەكــەوە پــەی بــە ئاســۆ ماناییەكانــی دەقەكــە دەبــرێ كــە لــە ڕێگــەی زمانــی بەرهەمەكــەوە دێتــەدی. خوێندنــەوە وەكــوو پێشــتر ئامــاژەمــان بــۆ كــردووە هــەر كەشــفی مانــا نییــە، بەڵكــوو داهێنانــی مانــای تازەشــە. خوێنــەر دەبــێ گەنگەشــەی ئاســۆ جۆراوجۆرەكانــی دەلالەتەكانــی دەق بــكات. هەڵبەتــە خوێندنــەوەی دەقێكــی تەقلیــدی ئاســانترە لــە دەقێكــی تــازە، چونكــە خوێنــەر لــە دەقــی تەقلیدیــدا مامەڵــە

لەگەڵ گێڕانەوەیەکی کرنۆلۆجی زنجیرەیی ڕوون و ڕەواندا دەکات، ناچار نییە هەوڵێکی زۆر بدات بۆ ئەوەی لە ڕەوتی ڕووداوەکان و شتە پەنهان و نەوتراوەکانی دەقەکە، حاڵی ببێت و هەموو ڕەگەزە پەڕاگەندەکانی دەقەکە، کە لە سەرانسەری دەقەکەدا تۆو دراوە، بدۆزێتەوە و وێنایەکی تەقریبی لەمەڕ بویەر و ڕووداوەکانی لەلا دروست ببێت.

خوێندنەوەی جیددی دەکاتە جۆرە بەرهەمهێنانەوەیەکی تازەی دەق و ڕاڤەکردنەوەیەکی هەمەلایەنانە و جیاوازی دەقەکە و ڕیشاژۆکردنەوەی دەلالەتەکانی دەقەکە و کەشفکردنی لایەنە پەنهانەکانی دەقەکە و دۆزینەوەی نەوتراوە هونەرییەکانی دەقەکە و هێنانە قسەی، واتە دۆزینەوەی ڕێڕەوە دینامیکییەکانی دەقەکە کە ئەمەش فرە خوێندنەوەی دەقەکە دەخوازێ کە دەقی تازە بارگاوییە بە فرەمانایی، فرەماناییش، فرەخوێندنەوە و فرە تەئویلی دەلالی دەخوازێ ؛ هەموو دەقێکی تازە و فیلیڤانی (ابداعي) جۆرە گۆنگییەکی هونەری لە گەڵدایە کە کونجکاوی خوێنەر دەهاڕووژێنێت، تا دنیابینییەکی ڕوونی لەمەڕ دەقە گۆنگەکان لە لا دروست بێت، ئەمە جگە لەوەی لە دەقی تازەدا جۆرە هەڤدەقییەک (تناص) هەیە کە بریتییە لە هەڵمژین و گۆڕین و تەوزیفی کۆمەڵێک دەقی دی، هەر ئەمە کردوویەتییە کارێک کە خوێندنەوەش پرۆسەیەکی کەشفکاری و داهێنانی مانای تازە بێت. بەم پێودانگە لە دنیای ئەدەبدا لایەنێکی زۆر گرینگ هەیە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، ئەویش خوێنەرە. دەق بە خوێندنەوە و خوێنەری جیددییەوە زیندووە و لە سەردەمی خۆی هێوەتر دەڕوات.

بەم پێیە ڕۆمان و چیرۆکی هونەری، بەبۆچوونی هەندێک لە پسپۆڕان و شارەزایان، دەکاتە چالاکییەکی ئەفراندنەوانی و نایەوێ هەمان ڕێبازە باوەکان دووبارە بکاتەوە، واتە ڕۆمان بۆ بازاڕ و بازارگەرمی بنووسێت، بەڵکوو جۆرە هەوڵێکی هونەرییە بۆ بەردەوامماندنی پێوەندی لەگەڵ ئەوانی دیدا، لەگەڵ خوێنەردا لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بن، واتە خوێنەر لە دەقدا شەریکی بێ چەندوچوونی نووسەرە. هەڵبەتە نووسەر یەکەم خوێنەری دەقەکەی خۆیەتی، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە لە کێماسی بەدەر نییە و حوکمی یەکجارەکی نییە، چونکە وەرگر، یان خوێنەر، ڕەهەندی تەقریبی دەق دیاریی دەکات، واتە خوێنەری گریمانەیی لەم پرۆسە کەشفکارییە هونەرییەدا زۆر گرینگە؛ یانی ئەگەر نووسەر خوێنەری (بالفعلي) دەقەکەی خۆی بێ، ئەوە خوێنەرە کە ئەمیان گرینگترە، خوێنەری (بالقوة)ی دەقە.

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

**١- محمد داود/ الرواية الجديدة بنياتها و تحولاتها/ الطبعة الاولى، ٢٠٢٣، ابن النديم للنشر و التوزيع.**

**٢- حقيقت و زيبايى/ بابک احمدى/ نشر مركز، تهران/ چاپ بيست و يكم ١٣٩٠.**

**٣- ساختار و هرمنوتيک/ بابک احمدى/ تهران: گام نو، چاپ دوم/ بهار ١٣٨١.**